# ڕۆزا پارک ، ئەو شۆڕە ژنەی بە ڕا نەبوونی ، دنیای ڕا کرد



**د. ئەحمەد میراودەلی**

Mirawdaly@hotmail.com

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی دوی ئۆکتۆبەر ، لە سەر بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا " جۆرج دبلیو بوش" لە سەرانسەری وڵاتی ئەمەریکادا ، ئاڵای وڵاتەکە لەنیوەندی داری ئاڵادا هەڵدەکرێ . هەڵکردنی ئاڵا لەنیوەی بەرزی داری ئاڵادا ، ڕێورەسمێکی ڕۆژئاوییە بۆ دەربڕینی ماتەمینی سەراپای وڵات ، سەبارەت بە لەدەستدانی گیانی کۆمەڵێک لە هاو وڵاتیان ، یان کۆچی دوایی پاڵەوانێکی وڵاتەکە .

نیوە هەڵکردنی ئاڵای ئەمەریکا ڕۆژی چوارشەممە ، بۆ ڕێزگرتنە لە شۆڕە ژنی داکۆکی کار لە مافی سیڤیلی پێست ڕەشەکانی ئەمەریکا .

ڕۆزا پارک ؛ ڕۆژی دووشەممە کۆچی دوایی کرد لە تەمەنی 92 ساڵیدا ، ئەو شۆڕە ژنە بوو کە لە ساڵی 1955 لەناو پاسێکدا وەک دەبووایە بەپێی یاسا لەسەر کورسییەکەی ڕا بێ بۆ ئەوەی پیاوێکی سپی پێست لەجێگەی دانیشێ ، ئەو خانمە مەزنە زیندانی پەسەند کرد بەسەر ملکەچکردندا بۆ یاسایەکی نارەوا . هەڵوێستی ڕۆزا بووە ئیلهامی داکۆکیکارانی مافی سیڤیلی مۆدێرن ، بەتایبەتیش ڕەش پێستان ، ڕۆزا بووە ئیلهامی کەسانی وەک " مارتن کینگ" سەرکردەی جوڵانەوەی مافی سیڤیلی رەش پێستان کە ، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا هەموو ئەمەریکای هەژاند و تیرۆڕ کرا .

سەرۆکی پێشووی باشووری ئافریکا ، نیلسن ماندێلا ، لە سەردانێکی شاری " دیترۆیت"ی ئەمەریکادا ، ساڵی 1990 لە ڕێپێوانێکدا سەرکردەی جەماوەرێکی کرد و هاواری دەکرد" ڕۆزا پارک" ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵی کە ، ئەو خانمە سیمبۆڵێکی مافی سیڤیلی نێوجیهانییە .

پارک : ئەو ژنەی کە بە بەرگ دورین خۆی بەڕێوەدەبرد ، یەکەم ژنە وەک سیمبۆڵی پاڵەوانێکی ئەمەریکا ، لە مەزاری سیمبۆڵیدا لەگەڵ ، ئابراهام لینکۆڵن و جۆن کەنەدی و سەرکردەکانی دیکەی ئەمەریکادا جێگەی خۆی کردۆتەوە . ئەگەر ڕۆزا نەبایە ، ناوی " ئۆپرا وینفری و کۆندۆلیزا ڕایس" ما ن نەدەبیست .

تۆ بڵێی ڕۆژێک ڕۆزایەکی کورد ، دژی زۆرەملێی فرە ژنی لە کوردستاندا ، پەیدا ببێ ؟

نەمری و سەربەرزی بۆ شاژنی مافی سیڤیل ، ڕۆزا پارک.

کەنەدا 2005/11/2.